# شێوازی تەسریحە بۆ قژی کورت



شێوازی تەسریحەی قژ، هەر یەکە بە مۆدەیەکی جوان و ئاراستەیەکی ئامادەکراو دەبێ، جوانی تەسریحەی قژ، دەبێ ڕەنگدانەوە بێ بۆ شێوەی قژ، چونکە هەندێك لە شێوازەکان دیوێکی جوانی دیکەیان هەیە، لە کاتێکدا لەگەڵ شێوازی خۆیان گونجاو نابن و تێکەڵی دروست دەکەن لەگەڵ مۆدەکانی دیکەدا، بێگومان هەڵبژاردنی شێوەی درێژ و کورتی قژی خانمان، کێشەیەك دروست دەکات، لەوەی چ جۆرە تەسریحەیەك بۆ هەر یەکە لەو دوو شێوازە گونجاو دەبێ، بەمەش دەتوانین سوود لە ئامادەکاری و هەنگاوەکانی دانانی تەسریحەکانی قژ بکەین، بە تایبەت کە ئەوجارە باس لە جوانی و شێوازی تەسریحەی قژی کورت دەکەین. هەندێك لە خانمان قژیان کورتە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خۆیان حەز بەو ستایلە دەکەن، یان هەر قژیان کورتە و درێژ نابێ، بۆیە دەتوانن چەندین تەسریحەی جیاوازی بۆ بکەن، بۆ سوود وەرگرتن لەو بوارەدا کە باسێکی گرنگە بۆ خانمان، دەتوانن لە شێوازە جوان و تەسریحەی خاو سوودمەند بن، چونکە قژی کورت، پێویستی بە تەسریحەیەکی خاوە تاوەکو زیاتر و جوانتر دەربکەوێ، لەوەش زیاتر دەبێ بە کرێم تەڕ بکرێ و ئەمەش سوودێکی دیکەی دەبێ لە وەستان و توند بوونی قژەکە، چونکە کاتێك قژی کورت وشك بێ، جیا دەبێتەوە لە یەکتر و بەمەش جوانی خۆی لە دەست دەدات.





## تاجە گوڵینەی

کچان زۆر جار خەون بە ڕۆژی ئاهەنگ و پۆشینی جلی سپی دەبینن، یان بیر لەو لایەنە دەکەنەوە، ئەمەش ماف و خواستی گشت کچێکە لەو ڕۆژە تایبەتییەدا تاکو وەك شازادەیەك دەربکەوێت و ببێتە بووکێکی جوان بۆ هەڵبژاردنی گشت لایەنەکان، لەوانە: هەڵبژاردنی کراسی بووك – شێوەی تەسریحەی قژ- ماکیاژی ڕووخسار- کەرەستە و ئێکسسوارە سەرەکییەکان وەك تاجی سەر و تارای سپی و بازنگ و ئەڵقە و ملوانکە و گوارە، کە ئەوانەش ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە زیاتر ڕازاوەکردن و جوان کردنی بووکان،



## بەها و جوانیی

**تاوەکو گۆڕانکاری لە دیکۆری ماڵ نەکەیت، جوانیی و شێوازەکانی ئەو گۆڕانکارییە بەدی ناکەیت، بۆیە هەردەم لە کاری تازە و گۆڕانکاریدا بە، ئەگەرچی کەرەستەکانیش نەگۆڕیت، بەڵام هەنگاوی جێ گۆڕکردنیان هەیە، کە ئەوەش بە گوێرەی ئەو گۆڕانکارییانە دەبێت کە ئەنجامی دەدەیت، بەڵام زیاتر لایەنی هەڵبژاردنی کەرەستەکان، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ ئامادەکاریی دیکۆری ماڵ، لە هەر شوێنێکی ماڵدا پێویستیت بە کەرەستەی تایبەت و گرنگ هەیە، واتە هەر بەشێك لە دیکۆری ژوورەکان یان ناوەڕاستی ماڵ و هۆڵ و شوێنی**

## چۆن کراسێکی ش

لە وەرزی بەهاردا، سەرتاپای مۆدە و شێوە و دیزانەکانی جلوبەرگ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەر یەکە لە شێوە و مۆدەیەکی دیکەدا دەردەکەوێ، بۆیەش لەسەر خانمان پێویستە گرنگی بە گۆڕانکاریی لەو لایەنە بدەن و بتوانن لە نزیکترین ڕێگەدا، هەوڵی تازەگەری لە شێوەی جلوبەرگەکانیان بدەن، بە تایبەت ئەوانەی بۆ شوێنی فەرمی و ئاهەنگ و بۆنەکان دەپۆشرێن، ئەوەی مەبەستمانە کراسە، کە بەشێکی گەورەی جوانی جلوبەرگ دەخاتە ڕوو، بە تایبەت لەو وەرزەدا، یان ئەوەی





## دەستی بووکـــان

لێرەدا لایەنێکی دیکەی گرنگ کە کەرەستە سەرەکییەکانی بووک دەخەینـــە روو، کە لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی ســـەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێت، هەروەها دەبێتە تەواوکەری جوانی بەشـــەکانی جەســـتە و ئێکســـوارەکان، لە پێشوودا گوڵی دەســـتکرد مۆدەی باو بوو، کەچی بەم دواییە گوڵی سروشـــتی جێگەی پێشـــووی گرتەوە، لە کاتێکدا گوڵی سروشـــتی بۆ ماوەیەکـــی کەم جوانییەکەی لە دەســـت دەدات بەهۆی قەرەباڵغی و نەبوونی کەشـــی پێویست لە دەســـتی بووك، بۆیە پسپۆڕانی جوانکاری، دەڵێن: گوڵی دەستکرد گونجاوە و لە کاتێکدا دەکرێت وەك یادگارییەك لە دوای ئاهەنگ هەڵبگیرێت.



## دیکۆری مێزی ماڵ

**دانیشـــتن، هەر ئەو دیکۆرەش زیاتر کار دەکاتە سەر جوانکاریی ماڵ، کە شێوەیەکی جوانتر و ڕازاوەتر بە ماڵەکە دەدات، هەندێك لە کەرەســـتەکان، هەرچەندە ســـوودێکی ئەوتۆیـــان نییە، بەڵام دەتوانین سوود لە جوانی ئەو کەرەستانە وەربگرین، وەك : مێزی ناوماڵ، هەندێکیان بۆ کەرەســـتە دانـــان، یان وەك دیکۆرێك بۆ جوانی دادەنرێن، لەگەڵ هەر یەکە لەو مێزانە، بە تایبەت مێزی شووشـــە، کە دیمەنێکی ڕازاوە و جوانی هەیە، بۆیە دەکرێ ئەو مێزە لە شووشەیە، بۆ جوانکاری یان بۆ دانانی کەرەستە لەسەری وەك گوڵدان و یان کەرەستەی دیکە لە ماڵ دابنرێن.**

## ـــــایستە هەڵدەبژێریت؟

بە (عەزیە) ناســـراوە لەناو کچان و خانمانـــدا، لەگەڵ ئەو مۆدانەی لە وەرزی بەهـــاردا وەدەردەکەون، لە کاتێکدا هـــەر یەکە لە مۆدەی کراس، جوانییەکی کراوەی هەیە، جەستە زیاتر کراوەتر و گەورەتر نیشان دەدات، یان ڕواڵەتێکی دیکەی لە جوانی بە جەســـتەی خانمان دەدات، شێوازی کراســـەکان زۆرن، بە تایبەت کراسی کورت و کراسی درێژ، کە ئەمساڵ مۆدەی کراســـی درێژە لە زۆربەی وڵاتان بەپێـــی وەرزی بەهار، کە ئەمەش وادەکات لە ئێستادا ببێتە مۆدەیەکی دیار و هەڵبژێردراو تاوەکو لەگەڵ هێما و ئاراستەکانی جوانیی وەرزی بەهار گونجاو بێت.



# ئۆتۆمبێلێک لە شووشە !

بەپێی ماڵپەری (بی بی ســـی)ی بەریتانی، کـــە ماڵپەرێکی جیهانییە ئاماژەی بە دروست کردنی سەیرترین ئوتۆمبێل کرد، کە ئەو بیرۆکەیەش بۆ ئەوانەیە کە داهێنانی تازە پێشـــکەش دەکەن، لە بوارە جیاجیاکاندا، یەکێك لە کۆمپانیاکانی دروست کردنی ئوتۆمبێل لـــەو وڵاتـــە ئوتومبێلێکی دروســـت کردووە کە گشـــت بەشی دەرەوەی ئەو ئوتۆمبێلە بە پارچە شووشە داپۆشراوە، ئەمـــەش بە مەبەســـتی ئەوەی کەس نەتوانێت لێی نزیك بێتەوە یان لەسەری دابنیشێت، ئەمەش شتێکە بۆ خۆشی دروســـت کراوە و کەچی بە یەکێك لە سەیرترین کەرەستەکان دادەنرێت.

# تەنووری قوڕ لە نێوان و هونەرو پیشەدا

هونەری دروست کردنی تەنوور هونەرو پیشەیەکی کۆنە و مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ  چەرخە کۆنەکان بەر لە ئێستاشدا تەنوور دروست کردن لە قوڕ لە هونەرەوە بووە بە پیشە و خەڵکانێکی زۆر بژێوی ژیانیان لەسەرە،  بۆ دروست کردنی تەنووری قوڕ پێویست بە خۆڵێکی تایبەت دەکات کە گرێ و گۆڵ تێدا نەبێت، ســـەرەتا قوڕەکە خاوێن دەکرێتەوە پاشان لەگەڵ خوێ و کا تێکەڵ دەکرێت پاش ئەوەی تەواو بـــوو بە گیراوە بۆ چەند ڕۆژێك بەجێی دەهێڵدرێت پاشـــان دەســـت دەکرێت بە دروستکردنی تەنوورەکان بەشێوەیەك هەر جارەو وەجبەیەك هەشـــت تا دوانزە تەنـــوور دەبێت بەڵام لە وەرزی هاویندا ژمارەیەکی زۆر لە تەنوور دروســـت دەکرێت لەبەری ئەوەی لە وەرزی زستان دروست کردنەکە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت و دەبێت داپۆشـــرێت ڕەنگە زیاتر لە مانگێك بخایەنێت، ســـەبارەت بە قەبارەو شێوەی تەنوورەکان، بە پێی ویستی داواکارەکان دەبێت، چونکە ئەوەی لە ماڵان بەکاردێت بچووکترە لە چاو ئەوەی بۆ نانەواخانەکان بەکاردێت.






# دەیڤید کامیرۆن بە شەمەندەفەر هاتوچۆ دەکات

سادەیی و ساکاری ســـەرکردە و کەسایەتیە گەورەکانی جیهان، بە تایبەت کیشـــوەری ئەوروپا، کە کەسایەتیەکی سادەیان هەیە و چەند پلە و پایە وەربگرن، هەر وەکو خۆیانن و ژیانیان ناگۆڕن، یەکێك لەوانە : سەرۆك وەزیرانی وڵاتی بەریتانیایە، کە نـــاوی (دەیڤید کامیرۆن)ە و لەو کاتەی دەچێتە شـــوێنی کارەکەی، لەو ڕۆژە ئوتۆمبێلەکەی کە تایبەتە بە گواســـتنەوەی سەرۆك وەزیران، دەشکێت و کار ناکات، ناچار سەرۆك وەزیران، سواری شەمەندەفەر دەبێت و وەکو ئەو خەڵکە بە پێوە دەوەســـتێت و شت دەخوێنێتەوە، ئەمەش دیمەنێکی ڕاستەقینەیە و تەمسیل کردن نییە.

# وێنەی خۆت لە فیلمی کارتۆن

فیلمی کارتۆنی، جۆرێکە لە شـــێوازی ژیان،، ئێســـتا ژیانـــی مرۆڤیان کردۆتە ســـەر فیلمـــی کارتۆنی یان ئەنیمەشـــەن، کە ئـــەوە جۆرە شـــێوەیەکە، زیاتر منداڵان چێژی لـــێ وەردەگرن لە کاتی ســـەیرکردنیدا، هەروەها وێنەی فوتۆگرافیش جۆرێکـــی دیکەی وێنە و فیلمە، یەکێك لە وێنەکێشـــەکانی وڵاتی سویسرا، هەڵدەستێت بە دروســـت کردنی ســـەیرترین جۆرە وێنەی خەڵك، ئەویش بە نەخشـــاندنی وێنەی کەســـەکەیە لەسەر شێوەی فیلمە







# گەورەترین و کۆنترین دار لە جیهان

لە زۆربەی کەرەستە و شتە بە نرخەکانی جیهان، چەندین شتی کۆن لە مێژوودا ماون تاوەکو ئێستا، کە ئەمڕۆش وەك هێمایەکـی مێژوویی و گەشـتیاری دادەنرێت، یەکێك لەو سـەمەرانەی جیهان، دارە گەورە و بەتەمەنەکەی جیهانە، کـە کۆنترین و گەورەترین دارە، ناوی ئەو دارە (شـێرمان)ە و لـە ویلایەتی کالیفۆرنیایە، تەمەنـی ئەو دارە بۆ دوو ملیون سـاڵ دەگەڕێتەوە و کە لەلایەن پسـپۆرانی بواری جیۆلۆجی ئاشکرا کراوە، پانی ئەو دارە دەگاتە (٢٢) مەتر و درێژییەکەشی (٨٣) مەترە و تا ئێستاش داری لەم جۆرە لە جیهاندا نەدۆزراوەتەوە.



کارتۆنیەکان، واتە ئەگەر شـێوەی تۆ بخرێتە ناو فیلمی کارتۆنی چۆن دەردەچێ و ئەمـەش بەهرەیەکی جوان و سەیرە، ئەو وێنەگرەش ناوی (ئەلیس نایتۆ)یە، لە خۆیەوە ئەو بەهرەیەش فێربووە.





# دانیشتن بە حەواوە

ڕەنگە ئەو ناونیشـانە لەلاتان سـەیر بێ، بەڵام ئەمە شتێکی ڕاستییە، کە کەسانێك هەن بە دانیشتنەوە بەحەواوە دەوەستن، واتە بەبێ ئەوەی لەسەر زەوی بن، ئەمە یەکێکە لەو فێڵە تازانەی کە ئەو کەسانەی سواڵ دەکەن، یان بۆ مەبەسـتی کۆکردنەوەی پارە و شت، لە شوێنە گشتی و بازاڕەکاندا، لەسەر دارێکەوە دادەنیشن، لە وێنەکان وادیارە کە تەنیا بە دارێك خۆیان گرتووە و لەسـەر زەویش نین، بەڵام فێڵەکە بەم جۆرەیە، کە ئەو دارە بەهێزە و ئاسـنە، بەڵام لە شـێوەی دار دروست کراوە، دواتریش ئاسنەکە بە نێو دەست چۆتەوە سـەر ناوقەد و لەویش وەك گیرەیەك جەسـتە دەگرێ و توند دەبێ، واتە دەچێتە سەر جەستە، بۆیە ئەوەی ئەو کارە دەکات، جلێکی زۆر لەبەر دەکات.







# نمایشی باڵندە!

لە وڵاتی پورتوگاڵ، سەیرترین نمایش ئەنجام درا، کە زانیومانە نمایش بۆ کاری هونەری، یان کاری جوان ئەنجام دەدرێ، کە نمایشەکە دەربارەی هەڵبژاردنی جوانترین باڵندە بوو، زیاتریش گرنگی درا بە کۆتر، کە چ جۆرە کۆترێك جوانە تاوەکو نازناوەکە وەربگرێ و ببێتە شاجوانی پێشبڕکێیەکە !



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ڕێواس) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ئاشتی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە لەژێر زەوی دادەنرێ و دەتەقێتەوە)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سپی)
- پیتی خانەکانی (٤+٦)کۆ بکەیتەوە بە مانای (جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك)



- سێرڤانتس لەسەر ئافرەت دەڵێ: ناوبانگی ئافرەت وەکو ئاوێنەیەکی خاوێنە، کەمترین هەناسەی لێ نزیك ببێتەوە کاری تێدەکات.

### وتەی ناوداران

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەڕووی پیشەییەوە پلانەکانت گۆڕانکارییان بەسەردادێت. بەیارمەتیی دۆستێکی دڵسۆزت ئاواتێکت دێتە دی. هەواڵێکی خۆشیشت پێ دەگات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هاورێیەکی دڵسۆزت پەیوەندیت پێوەدەکات و دەرفەتی قازانجێکی باشت بۆ دەڕەخسێت. ئەم دەرفەتە لەدەست خۆت مەدە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێویستە لەگەڵ بارودۆخدا خۆت بگونجێنیت . ئەمڕۆ لەدڵەڕاوکێدا دەژیت هۆیەکەشی بۆ خراپیی بەڕێوەچوونی کارەکانت دەگەڕێتەوە.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەکاری بازرگانی و داراییدا متمانە بەهەموو کەسێك مەکە. ئەمڕۆ هەواڵێکی دڵخۆشکەرت پێ دەگات لەبواری کارەکەتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەو مەسەلەیەی ماوەیەکە بیری لێدەکەیتەوەو پلانی بۆ دادەڕێژیت نەتتوانیوە دەریببڕیت . ئەمڕۆ هەلت بۆ دەڕەخسێت بیخەیتە ڕوو.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسانێك هەن چاوەڕوانی ئەوەدەکەن لە کارەکانتدا تووشی هەڵە ببیت و بۆئەوەی کێشەت بۆ دروست بکەن. ئاگاداربە مەسەلە وردەکانیش فەرامۆش مەکە.

## وێنە و بیرکردنەوە

- لەو وێنەیەدا کەسێکی ناسراو هەیە، ئێستا سەرۆکی وڵاتێکە، هەوڵبدە بیدۆزەوەو بزانە کێیە.



## بە مانگی لە دایک بوونت خۆت بناسە

لە دایکبووی مانگی یەك:
- کەسێکی سۆزدارە
- زۆر هەستیارە
- یەك قسەیە
- شەرمنە
- یارمەتیی هاوڕێکانی دەدات هەرچۆن بن
- وەفادارە
- ڕاستگۆیە
- کەسێکی خەیاڵیە
- هەردەم حەز بەتەنیایی و خەم و خەفەت دەکات.

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی یانەیەکی وەرزشی کوردستانت بۆ دەردەچێت:

ا ڵ ژ ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو : قەڵا




- باوکێك بە کوڕەکەی دەڵێ: منت خۆشدەوێ زیاتر یان دایکت؟
منداڵەکە دەڵێ :هەردووکتانم زۆر خۆشدەوێ !
باوك: باشە ئەگەر من چووم بۆ یابان دایکیشت چوو بۆ پاریس لە گەڵ کامان دەچی؟
منداڵ : بێگومان پاریس، چونکە ئەوێ خۆشە !
باوك : باشە ئەی ئەگەر من چووم بۆ پاریس و دایکیشت چوو بۆ یابان لەگەڵ کامان دێی؟
منداڵ : یابان!
باوك : واتە تۆ هەر لەگەڵ دایکت دەڕۆی!!
منداڵ : پاریسم بینیوە پێویست ناکا جارێکی دیکەش بڕۆم!!



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر کێشەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا کاریگەریان بەسەر پیشەکەتەوە هەبێت پێویستە بڕیار بدەیت و خۆت یەکلا بکەیتەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ پەیوەندی سۆزداری لەبەرنامەتدا بسڕەوەو بەخت لەمبارەیەوە یاوەرت نابێت. بایەخ بەکارەکانت بدە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

باری داراییت خراپە ئاگاداری خەرجییەکانت بە. چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی لەناکاوبە لە پیشەکەتدا.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

جیاوازی لەهەندێك بیرو بۆچووندا نابێتە هۆی دروستبوونی کێشە. هەڵە بەهەڵە چارەسەر ناکرێت . ئاگادری باری تەندروستیت بە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەگەر دەتەوێت بەئاواتەکانت بگەیت هەولیان بۆ بدەو ئامۆژگاری لەکەسانی بەئەزموون وەربگرە. لەقۆناغی داهاتوودا بەخت یاوەرت دەبێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

با ئیرەیی و گومانی نابەجێ نەبنە پاڵنەر بۆ دەرکردنی بڕیاری ناهەموار دەرهەق بە خۆشەویست وکەس و کارت.